

## لۆرین: بەبۆچوونی من باشتر وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەندیکایەك دابمەزرێنێ بۆ پاراستنی موزیك و هونەری کوردی.

ئامادەکردنی :**ئاسۆعوسمان**

**لۆرین وەك  کچێکی کوردی ڕۆژئاوای کوردستان کەئیستا لەولآتی سوید نیشتە جێیە بە بەرهەمێکی هونەری بەناوی چیرۆکی خۆشەویستی خۆی بە دونیای هونەری موزیك زگۆرانی کوردی ناساند  بۆزیاتر ناساندنی ئەم هونەرمەندە ئەم دیدارەمان لەڕیگای ئیمێلەوە لەگەلدا سازکرد**

**پ/ سەرەتا ئەمەوێت بەچەند دێرێك باسی ژیانی تایبەتی خۆت و شوێنی لەدایك بووونی خۆتم بۆ بکەیت، دواتریش سەبارەت بەکاتی دەست پێکردنت بەکار لەجیهانی هونەریدا؟ وە هەروەها چەند بەرهەمی هونەریت هەیە؟**

**و/سەرەتای ژیانم لەشاری قامیشلو دەستی پێکردو، وە لەناو خێزانێکی خاوەن هۆشیارییەکی گەورە پەروەردە بووم، خێزانەکەمان لەهەشت کەس پێکهاتووە، من حەوتەمیانم لەریزبەندیدا، براو خوشکەکانم سەرقالی ئەو شتانەبوون کە پەیوەندییان بەرۆشنبیریی کوردییەوە هەیە، وە گرنگییان داوە بەشیعرو موسیقاو بێگومان سیاسەتیش.**

**وە بڕواشم وایە کە دایك و باوکم بەشێوەیەك پەروەردەیان کردووین کە هیچ جیاوازییەکیان نەکردووە لە نێوان کوڕو کچ دا، وە هیوادارم زۆرینەی دایکان و باوکان لەسەر ئەم بناغەیە منالەکانیان پەروەردە بکەن.**

**-لەخوێندنگاکانی قامیشلو چوار سالْ خوێندکار بووم، دواتر لەبەر چەند هۆکارێکی سیاسی باوکم بڕیاری سەفەری دا بۆ دەرەوەی ولآت بەلآم لەبەر چەند هۆکارێکی ئابووری نەیتوانی هەموو ئەندامانی خێزانەکەم لەگەلْ خۆیدا بەرێت تەنها من و دوو برامی، لەگەلْ خۆیدا برد.**

**-ئەو کاتە تەمەنم نزیکەی** 9 **سالْ بوو وام هەست ئەکرد کە ئێمە تەنها بۆ گەشت هاتوینەتە دەرەوەی وولآت، بەلآم بەداخەوە سیْ سالْ و نیو تێپەڕی کە پێش ئەوەی بتوانم جارێکی تر دایکم و براو خوشکەکانم ببینمەوە لەسوید.**

**-ئەم سیْ سالْ و نیوەمان لەکوردستانی باکور و تورکیا و زۆربەی کاتمان لەرومانانیا بەسەربرد هەتا گەشتینە سوید.**

**-رێگەیەکی درێژو ناخۆش بوو ئەم رێگەیە تەمەنی منالی بردم، بەلآم لەوە دلنیام ئەگەر ئەو چەند سالە و ئەو تەجروبەیەی کە پیاتێپەڕیم نەبوایە ئەم لورینە نەئەبووم کە ئێستا هەم.**

**-لەمەجالی موسیقا (چیرۆکی خۆشەویستی) یەکەم ئەلبومم بوو کە لەبادیە دەرچوو لەسالی** 2007.

**پ/ئاستی هونەری موسیقاو گۆرانی کوردی چۆن ئەبینیت؟**

و/ هەمیشە من شانازی بەمۆسیقای کوردییەوە ئەکەم، بەبۆچوونی من مۆسیقاو هونەری کوردی جێگەیەکی بەرزیان هەیە لەنێوەندی مۆسیقای ڕۆژهەلأتی ناوەڕاست، ئاوازو شیعری چوان زیاتر دەنگی هونەرمەندانی ڕازاندۆتەوە، وە ئەمەش بناغەیەکە بۆ هونەرمەندە کوردەکان.

پ/ئێستا لەدنیای هونەردا زۆرێك لەئافرەتان هەن لەبواری گۆرانی و مۆسیقای کوردیدا، تۆ بۆ ئەمە چی ئەڵێیت؟

و/ من وەکو کچێك، زۆر دڵخۆشم، ئەمرۆ کە ژن بەشدارە لەمەجالی هونەرو زانستدا، هەستەکانیان لەسەداسەد ئەو بۆشاییە پڕدەکەنەوە کەپێی دەوترێ هەستی ژن لەهونەری فراوانی کوردیدا.

بەلأم بەداخەوە، ئەبینم هێشتا ژن نەگەشتۆتە ئەو ئاستەی کە بەرامبەر بەپیاو بێت، وە هیوادارم کە ژمارەی هونەرمەندانی ژن زۆربێ.

پ/باس لەوەدەکرێت کە بەشێك لەهونەمەندە لاوەکان بەکۆپی کردنی ئاوازی تورکی و فارسی خەریکە هونەری گۆرانی کوردی دەشێوێنن تۆ لەم بارەیەوە چی دەڵێیت؟

و/ بەبۆچوونی من مۆسیقا بریتی‌یە لەهەست و سۆز، وە ئەگەر ئێمە بەم واتایە قسەبکەین من هیچ هەڵەیەك نابینم لەبەکارهێنانی شێوازی موزیکی جیاواز، موزیك لەرۆژهەلأتی ناوەڕاستدا وە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە زۆر تێکەڵ بووە لەگەڵ ئەوەشدا، دابران لە (موزیکی فارسی و تورکی) کارێکی ئاسان نییە، بەلأم ئەگەر کەسێك بەچاوی بازرگانییەوە سەیری بکات وە ئیش بکات بۆئەوەی بەشێوەیەکی خراپ بەکاری بهێنێ، لەم کاتەدا دەبێتە هۆی کەم کردنەوە لەبایەخی هونەرو موزیکی کوردی.

پ/بەپێی ئاگایم ناکۆکی هەیە لەنێوان هونەرمەندانی دەرەوە بەتایبەتی هونەرمەندانی کورد، پرسیارەکە ئەوەیە: ئایا ئەم ناکۆکیە کارناکاتە سەر هونەری کوردی؟

و/من بۆچوونم وانییە کە ئەم کێشەیە ئەوەندە گەورە بێت کە تۆ پرسیاری لەبارەوە بکەیت، لەزۆربەی شوێنەکاندا کاتێك کە کێ بڕکێ هەبێت جیاوازیش ئەبێت لەنێوان کەسەکاندا، وە ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە، وە باوەڕناکەم کە رقەبەری هەبێت لەنێوان هونەرمەنداندا، وە ئەگەر ئەمەش کاریگەریی هەبێت، بەدڵنیاییەوە ئەمە کاریگەرییەکی باشە لەبەرئەوەی رکەبەریی هەمیشە بەرهەمی باش دروست دەکات بەلأم دوورەبەکی وایان لێ ناکات کە ناسراوبن.

پ/کۆپی کردنی بەرهەمی هونەرمەندان کێشەیەکی زۆر دروست دەکات بەبۆچوونی تۆ ئەو هەنگاوانە چین کە پێویستە حکومەتی کوردستان بینێت بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان؟.

و/ئەم پرسیارە زۆر گرنگە لەزۆربەی وولأتانی دونیا باس دەکرێت، بەتایبەتی لەوولأتانی جیهانی سێیەم بەبۆچوونی من باشتر وایە حکومەتی هەرێمی کوردستان سەندیکایەك دابمەزرێنێ بۆ پاراستنی موزیك و هونەری کوردی، ئەم سەندیکایە لەداهاتووا دەتوانێ پەیوەست بێت بەسەندیکای نێودەوڵەتییەکانەوە بۆ پاراستنی مافی هونەر و هونەرمەندانی کورد نەك هەر لەرۆژهەلأتی ناوەڕاست بەڵکو لەهەموو جیهاندا.

پ/لۆرین گوێ لەدەنگی چ گۆرانی بێژێك دەگرێت؟

و/لورین گوێ لەهەموو هونەرمەندانی کورد دەگرێت، فولکلۆر بێت یان هونەرمەندانی تازە، هەموو هونەرمەندێك بە موزیکەکەیەوە گوێی لێ ئەگرێت کاتە لە تایبەتەکاندا، وە هەریەکەیان کاتێکی جیاوازتری هەیە لەوی تریان.

پ/بێجگە لە گۆرانییە کوردییەکان ئەو گۆرانییە بیانیانییانە چین کە گوێیان لێ ئەگری؟

و/موزیکی جیهانی زۆر دەوڵەمەند و فراوانە، وە من گویٚ لەزۆر هونەرمەندان دەگرم، گویٚ لەموزیکی ئیسپانی و یۆنانی و فارسی دەگرم بەڵاٚم بەزۆری گویٚ لەموزیکی سویدی و ئینگلیزی دەگرم.

پ/ئایا بەنیازیت سەردانی هەریٚمی کوردستان بکەیت؟

و/بەو هیوایەم، کە بیٚم بۆ کوردستان و موزیك پیٚشکەش بە کورد بکەم لەباشووری کوردستان، بەڵاٚم تا ئیٚستا نازانم کەی دیٚم بۆ کوردستان.